# ئافرەت لەنێوان بەکاڵابوون و مرۆڤبووندا

تویژینەوەیەکی فەلسەفی و ئەنترۆپۆلۆژییە لە هەرێمی کوردستان

**د.هێردن ابراهیم احمد**
herdn.ahmed@su.edu.krd
بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

**پ.ی.م. محمد جودت عمر**
muhammad.j.omer@su.edu.krd
بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

**ڕێکەوتنی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٠٤/١٥**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، گرنگیدەدات بە یەکتربڕینی ڕەگەزی و سەرمایەداری و نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی، ئامانجی ئەو ڕێگا ئاڵۆزانەیە کە ئافرەتان دانوستاندن لەسەر ڕۆڵ و ناسنامەکانیان دەکەن؛ بەکاڵاکردنی جەستە و کارەکانی ئافرەتان بابەتێکی سەرەکییە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا و نوێنەرایەتییەکانی میدیا و پێکهاتە ئابوورییەکان بەشدارن لە بابەتیکردن و بەهادان بە ئافرەتان. پێکهاتە سەرمایەدارییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە داڕشتنی ژیانیان، کاریگەرییان لەسەر پرسەکانی وەک جیاوازی مووچە، دەرفەتە ئابوورییە سنووردارەکان و سروشتی ناجێگیری هەندێک لە دامەزراندن هەیە. توێژینەوەکە چاویلکەیەکی بڕبڕەیی دەگرێتەبەر، دان بە پەیوەندییەکانی ڕەگەز لەگەڵ ڕەگەز، چین، نەتەوە و ئاراستەی سێکسیدا دەنێت، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی نوانس "Nuance" لە تەحەددای جۆراوجۆر کە ئافرەتان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە سەرانسەری چوارچێوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. هەروەها توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن ئافرەتان لە ڕێگەی چالاکیی هیومانیستی و فیمینیستەوە، داکۆکیکردن لە گۆڕانکارییەکانی سیاسەت و داڕشتنەوەی گێڕانەوەی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەدەبەن و تەحەدای کاڵابوون دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە قوڵ دەبێتەوە لەو داینامیکی ئاڵۆزەی کە ژیانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا لە قاڵب دەدات، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە هاوسەنگی ناسکی نێوان کاڵاکردن و پاراستنی مرۆڤایەتی خۆیان. لە ڕێگەی چاویلکەیەکەوە کە لە هەردوو فەلسەفە و ئەنترۆپۆلۆژیدا زەمینەسازی کراوە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو تەحەدایە فرەلایەنانەی کە ئافرەتان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی کاری کۆمەڵایەتی لە بەهێزکردنی پەروەردە و خۆڕاگری و گەڕاندنەوەی کەرامەتی مرۆڤدا دەکات.

**کلیلە ووشەکان:** ئافرەت، مرۆڤایەتی، بەکاڵابوون، داینامیکی کۆمەڵایەتی.

**پێشەکی:**

هەرێمی کوردستان وەک پاشخانێکی ناوازە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەزموونە نوانسییەکانی ئافرەتان، کە لە نێوان هێزەکانی کاڵابوون و مرۆڤایەتیی سروشتی خۆیاندا گیریان خواردووە، کاردەکات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆشایی نێوان تیۆری و پراکتیک پڕبکاتەوە، جەخت لەسەر ڕۆڵی گرینگی کاری کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە چارەسەرکردنی ئەو پرسە یەکتربڕانەی کە لەم چوارچێوەیەدا ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە.

"بەکاڵابوون" بووەتە زاراوەیەکی بەکارهێنراوی ڕەخنەگرانەی بەرفراوان لە گوتاری ئەکادیمیدا، ئەویش بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی ڕەخنە بۆ هەندێک لایەنی سیستەمی ئابووری ئێستامان؛ بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە "بەکاڵابوون" چییە؟ ئایا

کێشەی بەکاڵاکردن چییە؟ ئایا سنووری کاڵابوون لە کوێدایە؟ تا چەند کۆمەڵگا دەتوانێت کاڵابوون وەرگرێت؟ ئێمە ڕۆژانە کاڵا بەکاردەهێنین و زۆرێک لە ئێمە چێژ لە کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری وەردەگرین! ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات هەندێک وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئارگومێنتی سەرەکییەکەی ئەوەیە کە کاڵابوون بەرهەمهێنان بۆ قازانج بەدوای خۆیدا دەهێنێت نەک پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمهێنان بۆ قازانج کۆمەڵێک دەرئەنجامی نەخوازراو و ڕەنگە تەنانەت زیانبەخشیشی هەیە- لەوانە، بۆ نموونە، وەدەرنانی ئەوانەی کە ناتوانن پارە بدەن، پەراوێزخستنی ئەوانە کە هێزی کڕینی بەکۆمەڵیان ئەوەندە گەورە نییە، و گرنگیدان بە فۆرمەکانی بەرهەمهێنان کە قازانجێکی زۆریان هەیە لەسەر تێچووی فۆرمەکانی دابینکردن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سوودبەخشترن و لە ڕووی ئیکۆلۆژییەوە بەردەوامن.

"مرۆڤبوون" بەرزترین بەهایە بۆ مرۆڤ و بەرگریکردنە لە ئازادییەکانی و گەشەکردنیەتی لە هەموو لایەنێکەوە. کاتێک مرۆڤەکان مرۆڤبوونییان لێ زەوتکرا، کەواتە هێزی توانا و داهێنان و بونیادە شاراوەکەیان لێ زەوتکراوە، واتە هەموو بەهاکانی مرۆڤبوونیان لێ زەوتکراوە، هەربۆیە بە "مرۆڤبوونی" مرۆڤەکان گێڕانەوەی ڕۆڵ و خەسڵەتە سروشتییەکەی مرۆڤ خۆیەتی (فرێری، ٢٠١٥، ل٣٣٠).

لە ئەنجامی "بەکاڵابوون" بەشێک لە خەڵک تێر وقەڵەو دەبن، لە کاتێکدا هەندێکیتر برسی و لاواز دەبن؛ خەڵکی تەندروست کە تاکی دەوڵەمەندن بە دەرمان بۆردومان دەکرێن، لە هەندێک کاتدا دەبێتە هۆی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، لە کاتێکدا چەندەها کەسی هەژار کە نەخۆشن دەرمان و چارەسەری پێویستیان نییە؛ زۆربەیان بێ ماڵ و حاڵن، لە هەمانکاتدا چەندەها شوقە چۆڵە. زانکۆکان پارەی زیاتر بۆ ڕیکلام و وەرگرتن خەرج دەکەن وەک لەوەی بۆ وانەوتنەوە خەرج دەکەن. لە کۆتاییدا، بە کاڵاکردن هاودەنگی تێکدەدات و نایەکسانی دەسوتێنێت چونکە دەستڕاگەیشتن بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان تەنیا بە هێزی کڕین بڕیاری لەسەر دەدرێت. بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی کاڵابوون، لەوانەش خێرابوونی قەیرانی ئیکۆلۆژی ئەم توێژینەوە پێشنیاری ئەوە دەکات کە کاتی ئەوە هاتووە بیر لە کاڵابوون بکرێتەوە و بچینە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە گرنگی بە تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بدات نەک زۆرترین قازانج.

لە کاتێکدا چەمکی کاڵابوون لە گوتاری ئەکادیمیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت، بەڵام کەم توێژەر ئاگادارن کە زاراوەیەکی تازەیەک نوێیە؛ زۆرێک وا گریمانە دەکەن کە دەگەڕێتەوە بۆ مارکس، بەڵام لە ڕاستیدا مارکس هەرگیز ئەو دەستەواژەیەی بەکارنەهێناوە. تەنیا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بوو کە زانایانی مارکسیست دەستیان کرد بە قسەکردن لەسەر کاڵابوون لە نووسیندا لەسەر هونەر و کولتوور، سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و هەروەها کاریگەرییە کاڵاکردنەکانی دەوڵەتە خۆشگوزەرانییە مۆدێرنەکان. بۆ هەندێک لەو زانایانە کاریگەری کارل پۆلانی لە مارکس گرنگتر بوو. هەروەها لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا زانایانی غەیرە مارکسیست لە فەلسەفە، ئەنترۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسی زیاتر حەزیان لەم زاراوەیە بوو. وە لەگەڵ لەناوچوونی مارکسیزمی ئەکادیمی (و کاریگەری سنووورداری کارەکانی پۆلانی)، ئەم باسانەی دواتر لە گوتاری ئەکادیمیدا زاڵ بوون. لە ئەنجامدا، مەرج نییە چەمکی کاڵابوون وەک ڕەخنەیەکی جوملەی سەرمایەداری بەکاربهێنرێت؛ هەندێک لە ڕەخنەگران تەنها نارەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕی پارەیی هەندێک خزمەتگوزاری، وەکو منداڵدانی جێگرەوەی پارەیی، و بەبازاڕکردنی کاڵا تایبەتەکانی وەک چاودێری تەندروستی. لەم حاڵەتانەدا، نارەزایەتی بەرامبەر بە کاڵاکردن لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی ئەخلاقی و پراگماتیک دامەزراوە- پارەدان بۆ منداڵان لە ڕووی ئەخلاقییەوە هەڵەیە و بازاڕەکانی چاودێری تەندروستی کار ناکەن. لە بەرامبەردا ڕەخنەی ماددی لە کاڵابوون پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە کاڵاکردن جێگەی نارەزاییە، چونکە پەیوەندییە مادییەکان دەگۆڕێت، لەوانەش فۆرمەکانی خاوەندارێتی و شێوازی تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان

sjh@univsul.edu.iq

(Hermann, 2021). هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەخنەی ماددی پەیڕەو دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدات چەندان پێشنیار بخاتەڕوو بەمەبەستی حسابکردن بۆ جۆراوجۆری پرۆسەکانی کاڵاکردن و دەرئەنجامە جیاوازەکانیان.
لە مەشەوەیە گرنگی و بایەخی زانستیی ئەم بابەتە کە تیایدا هەوڵمانداوە لەپاڵ بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی کوردی و بیانی، هەروەها پەنابەرین بۆ سەرنج و تێبینیی ڕاستەوخۆی توێژەران لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، وەکو میتۆدی کاری مەیدانی بەو پێیەی توێژەران خۆیان ئەندامێکن لە کۆمەڵگای توێژینەوە، تا بتوانین ئامانج و دەرئەنجامی گونجاوی لێ بەدەستبێنین.

**کێشەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە باس لەو لەشکرکێشی بەکاڵابوونی مرۆڤ- ئافرەتان دەکات کە دوژمنایەتیە بەرامبەر بە بەهای مرۆڤایەتی؛ هەربۆیە پێویستە لەوە بگەین، چۆن نۆرم و نەریت و فاکتەرە ئابوریە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بەشدارن لە بەکاڵاکردنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان؟ پرۆسەکانی "بەکاڵاکردن" بە چ شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر هەستی مرۆڤایەتی- ناسنامە ی ئافرەتان هەیە؟ ئایا چەمکی "مرۆڤایەتی" لە فەلسەفە و کولتووری کوردییدا چۆن دەخرێتە ڕوو؟ چ چوارچێوەیەکی ئەخلاقیی و ڕوانگەیەکی فەلسەفی دەتوانن ڕێنوێنی و تێگەیشتنمان لە کاڵابوون و مرۆڤایەتی بکات؟

**گرنگی توێژینەوە:**

لە ڕوانگەی فەلسەفی- ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتوورییەوە، گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، وەک هەوڵێکی گرنگ دەبینرێت کە شیکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری لەگەڵ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی تێکەڵ دەکات. پسپۆڕان، چالاکوانان، داڕێژەرانی سیاسەت و ئەندامانی کۆمەڵگا دەتوانن بە چارەسەرکردنی کێشەکانی توێژینەوە کە پێشتر باسمان کرد و ناسینی گرنگی ئەم توێژینەوەیە، دەتوانن پێکەوە کاربکەن بۆ قووڵکردنەوەی لێکتێگەیشتن، پەروەردەکردنی گفتوگۆ، ئاگادارکردنەوەی سیاسەت و بەهێزکردنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە نەک تەنها بەشداری لە زانیاری ئەکادیمیدا دەکات بەڵکو کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی جێندەریش هەیە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەی زانستی دەستنیشانکردنی ڕاستییەکانە دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لەلای توێژەران دروست دەبن دەربارەی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لەسەر دەکات، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە وەسفێکی ئەنترۆپۆلۆژی و فەلسەفی بۆ مرۆڤبوون و بەکاڵابوون لە هەرێمی کوردستان. دەستنیشانکردنی ڕۆڵی بەهای مرۆڤایەتی لە پرۆسەی بەکاڵابوون و ئاکامەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگادا. زانینی ئاستی هۆشیاری لای تاکی کۆمەڵگا بۆ پارێزگاریکردن لە بەهای مرۆڤایەتی و ڕۆڵی ئەوەی خۆی بە خاوەندارێتی لە پاراستنی ماف و کەرامەتی.

**بەشی یەکەم: بنەما فەلسەفییەکان**

ئەم بابەتە بە لێکۆڵینەوە لەو بنەما فەلسەفیانەی کە بەشدارن لە بە کاڵاکردنی مرۆڤ، بنەما دادەنێت. بە لێکۆڵینەوە لە دیدگا مێژوویی و هاوچەرخەکان، ئامانجی ڕوونکردنەوەی ئەو چوارچێوە فەلسەفیانەیە کە تێڕوانینی کۆمەڵایەتییان بەرامبەر بە مرۆڤ "ئافرەت" لە هەرێمی کوردستاندا لە قاڵب داوە.
چەمکی مرۆڤگەرایی (Humanism)، چەمکێکی فەلسەفی و ئێتیکیە لە واژەی لاتینی (Humanitas) بەواتای: سروشتی مرۆڤ، میهرەبانی و بەواتای شارستانی- دژی دڕندەیی- کێوی بەکارهێنراوە؛ ئەو واژە لاتینیە لە واژەی یۆنانی (Philanthropy) واتا: مرۆڤدۆستی و چاکەخوازی- کاری خێر- خێرخوازی بەکارهاتووە (مستەفا، ٢٠٢١، لا١٠٥٥). بە درێژایی مێژوو مرۆڤ پێوەری خۆی لە سەرچاوەی هەمە چەشنەوە وەرگرتووە کە دووربووە لە "خودێتی و چییەتی" ڕاستەقینەی خۆی یان سروشتی کردۆتە

sjh@univsul.edu.iq

پێوەر یان ئەفسانە و جادوو یان هەندێک بیروباوەڕی بێ بنەمای کردۆتە دەسپێکی بڕیارە کۆتایی و یەکلاکەرەوەکانی دەربارەی مرۆڤ و مرۆڤبوون.

مرۆڤ لەسەرەتادا نەیتوانیوە زات و ماهییەتی خۆی بکات بەپێوەر، هەمیشە کۆمەڵە شتێکی بەپیرۆز زانیوە وەکو سیحر و جادوو... کەچی خۆی بە پیرۆز نەزانیوە، ئەم جۆرە پێوەرانە هاوسەنگ نەبوون و دووربوون لە حەقیقەتی مرۆڤ؛ لەکاتێکدا مرۆڤ بونەوەرێکی هۆشیار و زرنگە و بگرە هۆشیاریەکەی هێندە کارایە کە سەبارەت بەبوونی خۆشی توانای گۆڕانکاری هەیە، لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ تێگەیشتووە لە حەقیقەت و گەورەیی خۆی هەوڵی داوە دۆخی خۆی بگۆڕێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە تاکە بوونەوەرێکە لە گەردووندا بە هۆشیاریەوە توانای گۆڕانکاری هەیە، بۆیە خۆی بە سەنتەری گەردوون زانیوە.

لەم ڕوانگەیەوە هزری "مرۆڤگەرایی یان مرۆڤسەنتەری" سەری هەڵداوە بەتایبەت لە هزری ڕۆژئاوا، کە پێگە و چەمکی ڕەوتی مرۆڤگەرایی (ئینسانیەت) تیایدا واتا و مانای هەمەجۆر و فرەڕەهەندی هەبووە و بۆتە هۆی ئەوەی ئەم چەمکە بە ئاسانی شرۆڤەی بۆنەکرێت؛ بۆیە پێناسە و واتای ئەو چەمکە کەمێک ئاڵۆز و تێکچڕژاوە (دیویس، ١٣٧٨، ل١٧٣). بۆیە دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، مێژوونووس و زمانزانی ئەڵمانی (جورج فویت) مامۆستا و توێژەری زانستی لە ئەدەبی یۆنانی یەکەمین کەسە ئەو زاراوەیەی مرۆڤگەرایی لەساڵی (١٨٥٦) بەکارهێناوە، ئەویش بەمەبەستی وەسفکردنی بزاوتی زیندووکردنەوەی زانین و فێربوونی ئەدەبیاتی کلاسیکی لەسەردەمی ڕۆشنگەی و لەپێناو زیندوکردنەوەی زانست و فێربوونی کلاسیکی لە ڕاپەڕینی ئیتالیا (هاشم صالح، ٢٠٠٥، ل٧٥).

هیومانیزم لەسەدەی (١٥)دا لە چەمکی ئیتالی (Umonista) وشەی مرۆیی بەکاردەهێنرا؛ لەسەروبەندی شۆڕشی فەرەنسی و دواتریش لە ئەڵمانیا بەتایبەت لەلایەن (هیگڵیەکان) چەمکی "مرۆڤایەتی یان مرۆڤگەرایی" ئاماژە بوو بۆ ئەو فەلسەفە و مۆراڵەی کە بایەخ و گرنگی بە مرۆڤ دەدات.

لەسەرەتا بزاڤی مۆراڵی لە سیەکانی سەدەی ٢٠ چەمکی مرۆڤگەرایی ئاماژە بوو بۆ سروشتی سکۆلاریزم، کەواتە ڕیشەی ئەم چەمکە بۆ ئەو دەستەواژە یۆنانییە (paeli enkikli) بۆ فێربوونی هاوسەنگ دەگەڕێتەوە، بەواتای فێربوون لە زانستی سروشت و کەسایەتی مرۆڤ (کحیل، ٢٠١٩، ل١٠٢ و ١٠٣). لەڕاستیدا چەمکی مرۆیی لە سەدەی ١٩ لەلایەن زانایەکی ئەڵمانیا بەکارهێنراوە بەمەبەستی ئاماژەکردن بە سیستەمی پەروەردە و فێربوونی تازە کە مەبەست لێی بونیادنانی نەوجوانانە لەسەر ڕۆشنبیری و ئەدەبی کۆن، بەتایبەت ئەدەبی لاتینی و ڕۆمانی، چونکە نموونەی بەرزی زانست و مەعریفەبوون دەبێتە هۆی شکۆمەندی مرۆڤ. کەواتە سەرهەڵدانی چەمکی مرۆڤگەرایی لەسەرەتادا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە بۆ زیندووکردنەوە و بونیادنانەوەی سیستەمی پەروەردە و فێربوونی کلاسیکی و گەڕانەوە بۆ ئەدەبی کۆن، نموونەی مەعریفە و مۆراڵ بوو؛ بەڵام چەمکی مرۆڤگەرایی تەنها ئاماژە نەبوو بۆ ئەم بوارە، بەڵکو بەهۆی ڕووداوەکانی مێژوو واتای دیکەی پەیداکرد، بەتایبەت لەڕووی مەعریفیەوە.

لە کۆتایی سەدەی ١٩ بەتایبەت لە ساڵی ١٨٧٧ چەمکی هیومانیزم واتایەکیتری پەیداکرد کە ئاماژە بوو بۆ زانستی هزری، ڕۆشنبیری، فەلسەفی و ئەدەبی (کحیل، ٢٠١٩، ل١٠٤). لەفەرهەنگی (ئەندریە لالاندا) بەم شێوەیە پێناسەی ڕەوتی مرۆڤگەرایی کراوە: "مرۆڤ سەنتەرە لەم گەردوونەدا، تەنها مرۆڤ سۆنگەی زانین و مەعریفەیە، بابەتەکانی بونیادنانی مرۆڤ و هەڵسەنگاندن و دوورخستنەوەی هەموو هۆکارێک بۆ ملکەچکردنی بۆ هێزی دەرەکی ئەفسانەیی، یان بەئامرازکردنی ببێتە مایەی نامۆبوونی مرۆڤ سەبارەت بەزاتی خۆی یاخود بەمشێوەیە پێناسەکراوە، پۆلێنکردنی مرۆڤ و سەرچاوەی زانین و فریادرەس تەنها خودی مرۆڤە (لالاند، ١٩٩٦، ل٥٦٩) .

هەروەها گوتراوە، بۆ مرۆڤگەرایی بزوتنەوەیەکی هزری و فەلسەفیە، بێگومان ئەو جۆرە ناساندنە بۆ مرۆڤگەرایی پێچەوانەی تێکستە ئاینییەکانی ئاسمانیە، چونکە لە ئایندا رزگارکەری مرۆڤ تەنها خودایە، بەتایبەت لە مەسیحیەتدا تەنها مەسیح رزگارکەری مرۆڤە (ارکون، ٢٠٠٦، لا٢٣ و ٢٤). لەم روانگەوە رەوتی مرۆڤگەرایی لە روالەتدا پێچەوانەی بنەما ئاینە، چونکە پێی وایە هیچ دەسەلاتێکی دەرەکی بوونی نییە، دان بە بوونی جیهانی میتافیزیکدا نانێت، بەلام بیرورا و بۆچوونێکیتر هەیە دەڵێت مرۆڤگەرایی "هیومانیزم" دابەش دەکرێت بۆ دوو رەوت، باوەڕدار وەک "دیکارت" و بێباوەڕ وەک "فویرباغ"، هەروەک فەلسەفەی بوونگەرایی بەهەمان شێوەی مرۆڤگەراکان دابەشبوونە بۆ دوو گرووپ (براون، ١٣٧٥، لا١٣٣).

"بەدیعوزەمان" دەڵێت: "ئەی ئەو کەسەی خۆی بە مرۆڤی راستەقینە دادەنێت! بۆخۆت خۆت بخوێنەرەوە! دەنا هەستەکانت کول دەبن و ژیریشت وەک سەهۆڵ دەبیەستێت و لەکار دەکەوێت، ئینجا لەپلەی "مرۆڤایەتی" یەوە بەرەو چەندین پلەی "نزمی" دادەبەزێت". هەروەها "عەلی شەریعەتی" دەڵێت: "گەڕانەوە بۆ خود، واتە گەڕانەوەیە بۆ خودی بنەڕەتی مرۆڤبوون و زیندوکردنەوەی بەهای فەرهەنگی و فیکر دروستکردن و پێشکەوتن و ئاگا بەخشی خودی خۆمان". بۆیە دەتوانین بڵێین، مرۆڤ خاوەن دوو رەهەندە، بە واتای ئەوەی کە دەتوانێت هەم باش بێت و هەم خراپ, خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر بە بوون و چارەنووسی خۆی, کە بە کام ئاراستەدا هەنگاو دەنێت, ئەو ئازادی و ئیرادە و توانایی پێدراوە, هەرکاتێك مرۆڤ دەرکی بە گەورەیی خۆی نەکرد، یان بیری لەوە نەکردەوە کە ئەرکی چییە، ئەوا لەو حاڵەتەدا وردە وردە ئامادەیی مرۆییبون لەزاتیدا لاواز دەبێت، دەرەنجام جوانی مرۆیی خۆی لەدەست دەدات و دەگۆڕێت و دەبێت بە جانەوەر واتە (مرۆڤ نما) چونکە لەدەستدانی ئامادەیی و رۆشنایی لە (عەقڵ، دڵ، زات) دا دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنی شەڕەنگێزی تیایدا کارا بێت وبکەوێتە کار, لەم حاڵەتەدا ئەگەری ئەوەهەیە لەمرۆیی بوون بکەوێت؛ لە هەر کۆمەڵگایەك مرۆییبوون لاواز بێت یان بمرێت، ژیان هیچ واتا و مانای نامێنێت، لە شوێنی ئەواندا خاوەنداریەتی و کاڵابوون باڵادەست دەبێت و شوێن گرەوەیان دەبێت.

### بەشی دووەم: تێگەیشتنە ئەنترۆپۆلۆژییەکان

بە ووردبوونەوە لە نۆرم و نەریتە کولتوورییەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵدەدەین ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکەین کە بەشدارن لە بە کاڵاکردنی ئافرەتان و کاریگەرییەکانی لەسەر هەستی مرۆڤایەتییان.

#### کولتووریی بەکاڵا بوون:

بەکاڵاکردنی ئافرەت ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە لایەنەکانی ناسنامە و جەستە و رۆڵیان وەک کاڵا یان کەلوپەلێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بکردرێت و بفرۆشرێت و بازرگانی پێوە بکرێت؛ ئەم دیاردەیە بە قووڵی رەگ و ریشەی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پراکتیزە مێژووییەکان و نۆرمەکانی کولتووریدا هەیە. "مایکل والزەر" لیستێکی کۆکردۆتەوە کە ناوی لێناوە (ئاڵوگۆڕی بلۆککراو) و ئەوە دەتوانرێت (نارۆیشتوو- نەچوو) بۆ کاڵاکردن وەسف بکرێت، لەسەرووی لستەکەدا قەدەغەکردنی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوەیە؛ کاتێک مرۆڤەکان موڵکی مرڤێکی ترن "دەبنە کۆیلە"، کۆیلایەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان بە ناتەبا لەگەڵ ئەو مافە سەرەتاییانەی مرۆڤ دادەنرێت کە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا پێیان دراوە (Hermann, 2021, p.100).

چەند رەهەندێکی بەکاڵاکردنی ئافرەتان هەیە کە بریتیین لە: (بابەتیکردن، ئیستغلالکردنی ئابووری، بازرگانیکردن بە مرۆڤ، جیاوازی مووچەی جێندەر). بە بابەتیکردن، زۆرجار ئافرەتان لە شێوەی جەستەیی، ئەندامەکانی جەستە، یان رۆڵی کۆمەڵایەتی هەستپێکراوی خۆیان کورت دەکرێنەوە، ئەمەش ئاڵۆزی و مرۆڤایەتییان کەم دەبێتەوە. ئەم بابەتگەرایییە بەشدارە لە تێگەیشتن لە ئافرەت وەک کاڵا. ئاخۆ لێرەدا دەتوانین لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە قسەبکەین؟ ئاخۆ تێگەیشتن لە سروشتی بابەتییانەی مرۆڤ

ئامانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئامانجی مرۆڤ هەمان ئامانجی گیانلەبەرە زیندووەکانیترە؟ کێشەکانی دونیابینی ئێمە لەوەوە دەستپێدەکات کە ئێمە کێشەی مرۆڤبوونمان کردۆتە دەرەوە، بەبێ دیاریکردنی مانای "مرۆڤ" ئەستەمە بزانین تازەگەری و گەشە و کرانەوە بەدونیایی دەرەوە و دیموکراسیەت مانایان چییە؛ چۆن دەتوانرێت گۆڕان لە پەروەردە و بازاڕ و ڕاگەیاندنەکان بکرێت، گەر پێشوەخت لەسەر "مرۆڤ" قسەمان نەکردبێت، گەر چەمکی مرۆڤ لە چەقی هەموو ئەو دیالۆگانەدا نەبێت کە لەسەر ڕەهەندەکانی ژیان دەیکەن، "بەغیابی چەمکی مرۆڤبوون" ئیدی هەر جوڵەیەکی و هەوڵێک بۆ گۆڕان بە کارەسات دەشکێتەوە. (کریشنامۆرتی) دەڵێت: "کە تۆ دیل بیت، من باسی ئازادیت بۆ ناکەم، من دەمەوێت پێت بڵێم چۆن زیندان دروست دەکرێت و گەر ویستیشت چۆن دەروخێنرێت، ئەوە ئیشی منە"؛ لە ئێستادا قسەکردنی ئێمە بەگشتی لە ئاستی یەکەمدا وەستاوە، لەبەرئەوەی هێندە قسە لەسەر چۆنییەتی دروستکردنی زیندان دەکرێت، قسە لەسەر چۆنییەتی ڕوخاندن ناکرێت (عەلی، ٢٠٢٢، لا ٢١٩- ٢٢١).

مەبەست لە بابەتیبوون ئەوەیە نیشان بدرێت کە کاڵابوون کۆمەڵێک دەرئەنجامی کێشەدارانەی هەیە، ئەوەی کە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان نرخێکیان پێدەدرێت کە بەکارهێنەران دەبێت بیدەن کاتێک دەیانەوێت خاوەنیان بن یان بەکاریان بهێنن؛ تووشی کێشە و وەدەرنان دەبن ئەگەر ئەو کاڵا یە وەک "مرۆڤێک" خۆی دەرخات؛ بەڵام هەمیشە دوورخستنەوە لە ئەنجامی تەنها پارەدان نییە، بەڵکو پشتگوێخستن و دابیننەکردنی پێداویستییەکانی، چونکە تاک بەشێکە لە گروپێکی کۆمەڵایەتی کە هێزی کڕینی بەکۆمەڵیان بەس نییە.

لە ئیستغلالکردنی ئابووری، پیشەسازییە جۆراوجۆرەکاندا، وەک کەرتی مۆدە و جوانکاری، وێنە و ناسنامەی ژنان بۆ قازانج دەقۆزرێتەوە. ئەمە دەتوانێت فرۆشتنی بەرهەم، خزمەتگوزاری، یان ناوەڕۆکی میدیایی لەخۆبگرێت کە ڕۆڵی جێندەری تەقلیدی بەهێز دەکات یان چەشنە زیانبەخشەکان بەردەوام دەکات.

بازرگانیکردن بە مرۆڤ، جۆرێکی توندتر لە کاڵاکردن لە بازرگانیکردن بە مرۆڤدا دەبینرێت، کە ژنان وەک کاڵایەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بۆ کاری زۆرەملێ یان ئیستغلالکردنی سێکسی؛ ئەمەش پێشێلکارییەکی گەورەی مافەکانی مرۆڤە و زۆرجار پەیوەستە بە تاوانی ڕێکخراوەوە. جیاوازی مووچەی جێندەر، لە شوێنی کاردا جیاوازی مووچەی جێندەر ڕەنگدانەوەی جیاوازییە ئابوورییەکانی نێوان ژن و پیاوە، کە زۆرجار پیاوان بۆ هەمان کار کەمتر مووچەیان پێدەدرێت. ئەم نایەکسانی ئابوورییە بەشدارە لە بە کاڵاکردنی کاری ئافرەتان.

تاڕادەیەک بەکاڵابوونی ئافرەت، دەکرێت بڵێین لە سەرەتا لە خێزانەوەی دەستی پێکرد، ئەگەر هەروەکو نموونەیەک باسی بکەین، لە ڕابردوودا و لە ئێستادا بە فۆرمێکی جیاوازتر " ئەگەر ئافرەتێک شووی بکردایە، دەبوایە کەسێکیتر شوێنی ئەو بگرێتەوە ئەویش بەمەبەستی خزمەتکردن و کاڵابوون کە دەبووە بە مسۆگەرکردن و زامنکردنی هاوسەرێک بۆ (باوک، برا، خاڵ، مام)" ناوێکیان بۆ دانابوو بەناوی ژنبەژنی، یاخود وەرگرتنی پرێک پارە بەناوی شیرباوی....، دەکرێت بڵێین تاڕادەیەک شووکردن بەم ناوانە کاڵ بۆتەوە و نەماوە، ئەگەر هەشبێت لە شوێنە دوورە دەستەکانی شارە؛ بەڵام لەناو شار و لەسەردەمی مۆدێرندا، شێوەکەی گۆڕدراوە و بۆتە شووکردن بەرامبەر بە (پۆست، ناوبانگ، سەرمایەدار،....) (احمد، ٢٠٢٢، لا ٤١ و ٤٣)؛ هەربۆیە ئەگەر سەیری ڕابردووی خۆمان بکەین، بەبەردەوام ئافرەت وەکو کاڵا سەیرکراوە "ئافرەت قوربانی بووە"، پیاو بۆ مسۆگەرکردنی هاوسەرێک بۆ ژیانی (خوشک، برازا، خوشکزا،...) بەکارهێناوە، بەرامبەر بەخوێن (پیاوێک، پیاوێکیتری کوشتووە) بۆئەوەی تۆڵەی لێنەکرێتەوە هەڵساون بە پێدانی ئافرەتێک کە هیچ گوناحێکی نەبووە لەم تاوانە بەناو "سولح" بەکارهێنراوە، دەتوانین بڵێین تاوەکو ئێستاش ئەم شێوازە بەناوی سولحکردنە هەرماوە، ئافرەت دان بەناوی هاوسەرگیری بە سیاسەتمەدار و خاوەن بزنزمانەکان بۆئەوەی لەبەرامبەر ئەوە کارێک بۆخۆی و ئەندامانی تری خێزانەکەی زامن بکات و پشت ئەستووربێ لە ژیانی ڕۆژانەی و شانازیشی پێوەبکات. هەر بۆیە بەشێوەیەکی گشتی باوکی کورد ئارەزوو ناکات کچی ببی، ئەگەر بوو! ئەوکات تاوەکو لەماڵیەتی

دەبی خزمەتی باوک و کوڕەکانی بکات، لەکاتی هاوسەرگیری کردن ببێت بە زامنکردنی هاوسەر شێوەیەک لە شێوەکان بۆ (باوک، برا، مام، خاڵ)، لەکاتی پیربوونی (دایک و باوک) دەبی خزمەت بکرێت لەلایەن کچەکانیانەوە... تێڕوانینی نێگەتیڤی کۆمەڵگای کوردواری بۆئافرەت، هەر لەدایکبوونیەوە ئەو تێڕوانینە دەست پێدەکات، بۆیە بوونی ڕەگەزی مێینە جیاوازترە لەبوونی ڕەگەزی نێرینە، کە ئەم جۆرە تێڕوانینە دەبێتە زەمینەساز کە ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە پلە دوو بێت، ئەمەش دەبێتە ئاڕاستەیەکی خراپ کە لەکۆتاییدا بەرەو کاڵابوونی دەبیات.

مەسەلەی مافەکانی ئافرەت و بەکاڵاکردنی، دەتوانین بڵێین بویتە دیاردەیەک لە تەواوی جیهان بەشێوەی جیاواز جیاواز بڵاوبوەتەوە؛ با ئەو بەسەرهاتەی بگێڕینەوە کە بەسەر کچێکی گەنجدا هاتووە لە مێژوویی شۆرشی فەڕەنسا لە ساڵانی (١٧٩٢- ١٧٩٤)، کچێک لە هەرێتی لاویەتیدا بووە، ئەو کچە بەمەبەستی کڕینی نان بۆ ماڵەوەیان بە درێژایی چەندین کاتژمێر لەبەردەم نانەواخانەیەکدا ڕاوەستاوە، دوای چاوەڕاونییەکی درێژ ئەوە ڕوویدا: "کچەکە، ئەرێ کاکی نانەوا کەی نۆرەمان دەگاتێ و نانەکەمان وەربگرین؟ نانەواچییەکە، داواکاریەکانتان هەمووی لە تەنورەکەدایە، چاوەڕوانبە تاکو نۆرەت دێت!" (کۆمەڵێ نووسەر، ٢٠٠٦، لا١٠٥).

مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەی، دەکرێ ئەو پرسیارەی لە خۆمان بکەین، ئایا بۆ دۆزینەوەی کار و دامەزراندنی بزنسێک تا چەند دەچێتە ئەو قالبەوە؟ بۆ خوێنەران ئەوە ڕوون بێ، لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە مەرج نییە تەنها لایەنی سێکس بگرێتەوە، سەیرکردنی ئافرەت بەچاوانێکی جیاواز وەکو مرۆڤ، دەکرێت وەکو ئەو هەرشەیە سەیر بکرێت؛ هاوڕێیەکمان خاوەن کۆمپانیای خۆی بوو، پێویستی بەکارمەندێک بوو بۆ ڕێکخستنی دۆسیەکان، (کەواتە هیچ جیاوازی نییە ئەو کارمەندە لە ڕەگەزی نێر بێ یاخود مێ! بڕوانامەیەکی بەرزی هەبێ یاخود نا! ڕوخسار و لەش ولاری پێویست بەو هەڵی کارە...) کەچی لە ڕێکلامکردنی هەڵی کار داوای کردبوو لە ڕەگەزی مێ بێ!، لە ڕۆژی چاوپێکەوتن هیچ شارەزاییەک پێویست نەبوو تەنها ئەوە پێویست بوو کە ئافرەتێکی بەرچاو و لەش و لارێکی ڕێکوپێکی هەبێ؛ ئەو کات هەر گوتم ئایا ئەو ئافرەتەتان بۆچییە؟ ئایا کاری نەشیاوی لەگەڵ دەکەن؟ لەوەڵامدا گوتیان نەخێر! تەنها بۆئەوەیە ئەوەی (کڕیار، بەڵێندەر،...)ڕسەردانمان دەکات بڵێن کارمەندی جوان لەلایان کاردەکات!!! هەربۆیە لە ئێستادا لە کافتریا و جلوبەرگ فرۆشی و مۆڵ تا دەگاتە پێشانگای ئۆتۆمبێل و عقاراتی خانووبەرە بەو شێوەیە پراکتیزی تێدادەکرێ.

**بەهای مرۆڤایەتی:**

بەها، کرۆک و ناوەڕۆکی توخمە کولتوورییەکانە[1] (MIRAN, et al., 2021)؛ یەکێک لە جیاوازییە سەرنجراکێشانەی لە نێوان قوتابخانە فیکرییە جیاوازەکاندا هەیە دەربارەی مرۆڤ، ئایا مرۆڤ لە کرۆکدا خراپەکار دروستبووە و دواتر فێری چاکە دەبێت، یاخود بوونەوەرێکی باشە و دواتر فێری خراپە دەبێت، یان هیچیان نییە، بەڵکو لەژێر کاریگەریی دەرەکییدا باشە و خراپەی تێیدا دەردەکەوێت؛ چیرۆکی دەرکردنی ئادەم[2] ، هەوڵی یەکەمی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لەخۆی، بۆناسینەوەی سیستەمی بەهاکانی دییەوە، ئاخۆ "ڕاست و هەڵە" یاخود "چاکە و خراپە"ی لە ئازادی بۆ گرنگترە یان بەپێچەوانەوە (عەلی، ٢٠٢١، لا ٤٧ و ٤٨). لێرەدا تێدەگەین، هەرچییەک بکەین لە مرۆڤدا دەست پێدەکات، لە شتێک "سەرکەوتووبی" یان "سەرنەکەوتووبی" هەردووکیان مرۆڤ خاوەنداری دەکات، زۆرجار تاک وا هەست دەکات "کەخاوەنی نییە" ئەگەر خاوەنی ئەو:(بڕوانامە، ئۆتۆمبێلە، خێڵە، پارەیە،

1 کولتوور: بریتییە لەکۆی ئەو دەستەکەوتە ماددی و مەعنەوییە جێگیرانەی کە لەماوەی ڕابردوو بەدەست هاتوون و دەوردەبینن لە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگا (میران، ٢٠٠٩، لا١٣).

2 بڕوانە کتێبی (جوانییەکی نارێکی) بەختیار عەلی.

sjh@univsul.edu.iq

نەتەوەیە...هتد)بام لەم کارەدا سەرکەوتوو دەبووم! هۆکار چییە مرۆڤ هەست دەکات ببێتە خاوەنی فلان ئۆتۆمبێل، فلان بڕوانامە، فلان کار... یاخود وێنەگرتن لەگەڵ فلان کەسایەتی، تاکی ئەو خێڵە... ئەوکات بەهایەکی دەبێت؟ ئایا خۆی لە خۆیدا هیچ بەهایەکی نییە؟ هەربۆیە ئەگەر هەرتاکێک وا هەست بکات بە نەبوونی ئەو شتانە بەهایەکی نابی (ئەگەر موبایلێکی کۆتا مودێل بەکارنەهێنم کەس سەیرم ناکات، ئەگەر ئەو کاتژمێرە یان ملاوانەکەیە، یاخود ...)، لەڕاستییدا هەموو کات بێ بەهایە و دەبێتە کاڵا بەکاردەهێنرێت.

مرۆڤ بە ئاگایی دێتە دی و باڵاترین جیلوەی ئەویش خودئاگاییە، خودئاگایی نە بەڕێککەوتێک دەست دەکەوێت و نە بەبڕیاڕی پێشینە و نە لەڕێگای ئیلهامی غەیبیەوە یاخود هەستی دڵ و دەروونی دەست دەکەوێت، بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەویترەوە کە "مرۆڤ بە من" دەگات بە ناسین و هەستی "ئەو"یترە کە "خۆی" کەشف دەکات (شەریعەتی، ٢٠١٤، ل٣٦). ئەگەر وەکو نموونەیەک باس بکەین: ئێکسسوارتی زێر[3] لەلایەن ئافرەتان "بەهایەکی زۆری هەیە" ئەگەر لەبەری بکات، لەو کاتدا خۆی چۆن دەبینی؟ چەند بە بەها دەبینی؟ چەند سەرنجی خەڵکی پێڕادەکێشی؟ گرنگییەکە لەوەدایە ئەوەی دەوروبەرت چۆن تۆ دەبینن! وەکو ئەوەی زێرەکە لەبەردەمیان هاتووچۆدەکات، یاخود مرۆڤ!

چۆن بە کاڵا دەکرێت؟ (فرێدریک ئێنگلس) دەڵێت: "مافی هەبوونی مۆڵکایەتی تایبەتی و خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، جیاوازی چینایەتی و چەوساندنەوەی ئافرەتانی ئەفراندووە" (مستەفا، ٢٠٠٦، ل٦٣)، ئەگەر وا بڕیارماندا بچینە ڕاوە ماسی، پێویستە بزانین ئایا ماسی ئارەزوو چی دەکات! نەک من ئارەزووی چ دەکەم، بۆنموونە لەوکاتەدا من ئارەزووی خواردنی هەمبرگر دەکەم، با پارچە گۆشتێکی هەمبرگر بە قولابەکە وەبکەم! نەخێر، ئەوەی کە ڕاوە ماسی دەکات دەزانی ماسی ئارەزووی "کرم" دەکات، بۆیە "کرم" بە قولابەکەی وەدەکات بۆ ڕاوکردنی ماسییەکە؛ لە ژیانی ڕۆژانەشمان ئەگەر سەیر بکەین وەکو پێوەکردنی کرم بە قولابەکە وایە، ئەوەی خۆی بە خاوەندارێتی دادەنێ بەبەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدات کە مووچەی زۆر باش بدات بەو کارمەندەی کە سەرنج ڕاکێشە بۆئەوەی ئەویش بتوانی لەڕێگەی بزنزەکەیەوە موشتەری زیاتر دەست بکەوێت، بۆنموونە ئەو کارمەندانەی کە لەسەنتەری جوانکارییدا کار دەکەن بەبەردەوام کەسانی زۆر سەرنج ڕاکێش و بەرچاون کە کورد گووتەنی دەڵێ "بەقەلەم دروستکراوە". هەر لەبەرئەوەشە خاوەن کاڵا، کاڵا "مرۆڤ" وەک ئەوەی کە هەیە نابینێت (بەتاکێکی سەربەست و خۆیەکی بڕیاردەری دانانێت) بەڵکو لە سۆنگەی پەیوەندی و بەرژەوەندی بەخۆیەوە، ئەوەی ئێمە ناومان ناوە "کاڵا" خۆی دەبینێت و دەتوانێ بڕیار بدات، بەڵام ئەوەی کە خۆی بەخاوەنی دەزانی ئەو مافەی لێوەردەگرێت و بەرەوای نازانێ. ئیدی هەر لەم ڕوانگەیەوە، خاوەندارێتی دەبێت بە سۆبجێکت و "کاڵا"ش دەبێت بە ئۆبجێکت، دەتوانین بڵێین بە درێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی هەروا بووە (کێشەکە لەنێوان سۆبجێکت و ئۆبجێکتدا بووە)، کاتێک کە تۆ خۆت بە سۆبجێکت دادەنێیت، ئیدی دەبێت لایەکەی بەرامبەرت بکەیتە ئۆبجێکت، ئەوکاتە دەبیت خەسڵەتە مرۆییەکانی لێ زەوت بکەیت و لەخۆی نامۆی بکەیت؛ ئەوەی خۆی بە خاوەندارێتی دەزانی ڕێک ئەو کارەی کردووە، هەروەک چۆن سەرمایەدار کرێکار دەچەوسێنێتەوە و مرۆڤی سپیی مرۆڤی ڕەشی دەکرد بە کۆیلە (مستەفا، ٢٠٠٦، ل٦١).

ناکرێت ئێمە ئەوە لەبیر بکەین، لە کولتووریی سەرمایەداری، شتەکان وەکو خۆیی نابینرێت، بەڵکو هەموویان شێوەکەیان دەگۆڕێت بۆ سەرمایە "پارە"، هیچ سەرمایەدارێک ناڵێت خاوەنی ئەوەندە سەرمایەی مرۆڤایەتیم، یاخود خاوەنی ئەوەند مولک و ماڵ و ...م! بەڵکو دەڵێ خاوەنی ئەوەندە ملیۆن دۆلارەم، کەواتە هەموویان یەکسان دەکات بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو، بەداخەوە ئەو شێوازە بیرکردنەوە گەیشتۆتە ناو دام و دەزگا ئەکادیمییەکان، یەکێک لە زانکۆ ئەهلیەکانی کوردستان "خاوەن زانکۆکە گفتوگۆی لەگەڵ

[3] ** دەکرێ لە شوێنی (زێر) ببیتە ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز، جل و بەرگی بڕاند، کارکردن لەگەڵ فلان کەس یاخود شوێن، هاوسەرگیرکردن لەگەڵ کەسێک، ....

مامۆستایەکی زانکۆ دەکرد تاوەکو دڵی قوتابیەکانی نەڕەنجێنێ و هەڵسوکەوتی توند نەبی لەگەڵیان، بۆئەوەی نیشان بدات کە چەند گرنگی بە قوتابیان دەدا، (ئیشارەتی بۆ چوار قوتابی کرد) گوتی چ دەبینی، مامۆستاکە گوتی (٤ قوتابی)، گووتی لەلای من (٤ قوتابی) نییە، بەڵکو هەر قوتابییەک یەکسانە بە ٢ ملیۆن دیناری عێراقی، کەواتە من (٨ ملیۆن دیناری دەبینم)"؛ ئیتر ئەوە لەهەموو سێکتەرەکانیتر ڕاستە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ ئەو نامۆکردن و بە کاڵاکردنی ئافرەتان چۆن سەریهەڵداوە؟ و کەی هاتۆتە ئاراوە؟ دەبێ ئەوە روون ببێتەوە "هیچ مرۆڤێک بە ئافرەت لەدایک نابێت، بەڵکو دەکرێت بە ئافرەت!" ئەگەر چی هیچ ڕێسا و یاسایەکی سروشتی، سایکۆلۆژی یان ئابووری بڕیار لەسەر توخم و ڕۆڵی توخم (نێریی و مێیی) ئافرەتی و پیاوێتی نادات، بەڵام ئەوە کولتوورە ئەو جیاکردنەوەیە دەسەپێنێت، لەبەرئەوەی (کچ و کوڕ) لە چوار ساڵی سەرەتای تەمەنیاندا هیچ جیاوازییەکیان نییە (لە هەڵسوکەوت و یاریکرن و حەز و ئارەزوو) بەڵام لەدوای ئەو تەمەنەوە وورده وورده جیاوازییەکان دروست دەکرێن تا دەگاتە دوازدە ساڵی، لە دوای ئەو تەمەنەوە بەجارێک لەیەکتر دوور دەکەونەوە (مستەفا، ٢٠٠٦، لا٦١) کولتوورەکە خۆی دەسەپێنێت، کە کچەکە چ جۆرە ئافرەتێکی لێ دەربچێت و چۆن هەڵسوکەوت بکات، چ جۆرە جل و بەرگێکی لەبەربکات، ناسک و میهربان بن، گوێڕایەڵێکی باش و دڵسۆز بن؛ لەم کاتەدا خۆی بە سۆبجێکت دەزانی- کە هیچ نازانن پێویستە کەسێک "ئەوەی خاوەنداریەتی دەکات" پێبڵێت چۆن بژی! چ بخۆی! بەچ شێوەیەک هەڵسوکەوت بکە، جل بپۆشە...، هەربۆیە هەردەم خۆی بە پاشکۆ دەبینی.

لەهەمووی وێرانتر بوونی سیستەمی پەروەردەیەکە کە کار لەسەر بە ماڵیکردنی نەوە جیاوازەکان دەکات، فێریان دەکەن کە چۆن تەبا بن لەگەڵ هەموو ئەو نۆرم و بەهایانەی کە کۆمەڵگا دایڕشتووە، ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت پەروەردەیەکە ئیش لەسەر لێسەندنەوەی عەقڵ دەکات، کە دەبێتە هۆی مردنی روحی ڕەخنە و گومانکردن و پرسیارکردن، مرۆڤەکان ڕادەهێنێت کە سەرسام بن بە دەسەڵاتی "خاوەنەکە" (باوکی سیاسی، باوکی کۆمەڵایەتی، باوکی ئابووری...) هەتا گەر ستەمکاریش بن، پەروەردەیەکە لە ماڵەوە دەستپێدەکات و قوتابخانە و زانکۆکان مشتوماڵی دەکەن و دەزگا ئایینیەکان پیرۆزی دەکەن و دەزگا سیاسییەکان دوا بزمار لەو ملیۆنەها تابووتە دەدەن کە مرۆڤەکانی ئێمە تێیدا نێژراون، ئەمەشیان دۆخێکە هەروەک وایە ماددەی هۆشبەریان دەرابیتێ کە بێ هەست و بێباکی و لە روحێکی مردوو دەچێت کە نیگاری پێشمەرجێک بۆ ژیان و بوون دەکێشێت کە بەتاڵە لە هەموو جوانی و نەبەردی و شکۆمەندییەک؛ (جان جاک رۆسۆ) بڕوای وایە: کە "مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت، بەڵام لەهەموو لایەکەوە بەزنجیر کۆت و بەنددەکرێت"، بەڵام لەژێر سایەی هەر ئایدلۆژیایەکدا بێت چ سێکیولار و عەلمانی و چ ئایینداری بێت مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی لەو تۆڕ و تەڵەزگەیە ڕزگار بکات کە ناویان ناوە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو لەناو چوارچێوەی دەوڵەتدا؛ ژمارەیەکی زۆری لە کاڵاکان، وەک ئەوە تەماشا دەکرێن کە لەناو لەوەڕگایەکدا بەند و بەستراو بن، بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆیان بەخاوەندار دەزانن کە وەک لەوەڕگا تەماشا دەکەن، مانگایەک کە بەردەوام بیدۆشن و نەوەستێت لە شیردان (حەسەن، ٢٠١٥، لا ٦٧-٧٠).

هەربۆیە، پەیوەندی تاکەکان "خاوەنداریەتی و کاڵا" هەندێکجار ئاکامێکی نێگەتیڤی هەیە، تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی بروانامەکە "ئەو مەرامەی کە مەبەستیەتی" یەکتر داگیردەکەن؛ ئەمەش لەوکاتەدا ڕوودەدات کە یەکێک لەلایەنەکان بڕوا بە ماف و مرۆڤبوونی لایەنەکەیتر نەهێنێت، وەکو "کاڵا" لێی بڕوانێت و خەسڵەتی مرۆڤبوونی لێداماڵێت. "کاتێک من هەوڵدەدەم کە لەژێر دەسەڵاتی کەسانی دیکەدا دەرباز بم، ئەوانیش بەهەمان شێوە هەوڵدەدەن لەژێر دەسەڵاتی مندا دەرباز بن، هەروەکو چۆن من دەمەوێت ئەوان داگیربکەم، ئەوانیش دەیانەوێت من داگیر بکەن؛ لێرەدا، ئێمە ڕووبەڕووی بابەتێکی بێهەست نابینەوە، پەیوەندییەکمان لەگەڵ کەسانی تردا وەرگرتن و دانەوەیە، کە دەبێت بە زۆرانبازی و ململانێ؛ زۆرانبازیش واتا بە پەیوەندییەکەمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبەخشێت" (کەمال، ٢٠١٩، لا٥٣). هەر لەبەرئەوەیە، ئەگەر پەیوەندیی نەرێنی نێوان دوو مرۆڤ کە یەکیان خۆی بە خاوەداریەتی و ئەوەیتر بە کاڵا ببینی، کە ئەنجامگیریەکی نەخوازراوی لەپشتە، ئەو تاکەی وەکو "کاڵا" سەیردەکرێ لە خاسڵەتی

مرۆڤانە دووردەخرێتەوە، وەکو مرۆڤێکی خاوەن کەرامەت و سەربەست سەیرناکرێت، وەکو ڕۆبۆت پرۆگرام دەکرێت و چاوەڕێی دەرئەنجامەکەی دەبن.

(کارل مارکس) دەڵێت: "تا بەهای شتەکان لە بەرزبوونەوە دابێت، بەهای مرۆڤ لە نزمبوونەوەدا دەبێت"، لەم کاتەدا "خاوەن کاڵا"کان دەسەڵاتی ڕەها دەدەن بەخۆیان، ڕەخنەگری ئەڵمان (مارسێل رایشرانیسکی) دەڵێت: لەسەردەمی دەسەڵاتی نازییەکان "هەر ئەڵمانێک کە دەستێک جلی سەربازی لەبەردابایە و تفەنگێکی بەدەستەوەبایە، دەیتوانی لە وارشۆ چی بووێت بە هەر جوویەکی بکات، دەیتوانی بەزۆر گۆرانی پێبڵێت، سەمای پێبکات، پێی بڵێت خۆی پیسبکات، یان بیخاتە سەر چۆک بۆئەوەی بکاتە تکا و پاڕانەوە بۆئەوەی نەیکوژێت، دەیتوانی لەناکاو تەقەی لێبکات، دەشیتوانی بەجۆرێکی لەسەرخۆ و ئازار بەخش بیکوژێت، بۆی هەبوو فەرمانی بەسەردا بکات کە خۆی ڕووت بکاتەوە و بەجلی ژێرەوە شەقامەکان گسک بدات و دواتر لەبەرچاوی هەموویانەوە میز بکات"؛ هیچ کەس نەبوو ڕێگا لە ئەڵمانەکان بگرێت و ئەو خۆشی و یارییەیان لێ تێکبدات (عەلی، ٢٠٢٠، ل١٧٠). ئەوەمان بۆ دەردەخات کاتێک تاکێک دەسەڵاتی ڕەهای دەگرێتە دەست و مومارەسەی دەکات، چۆن دەرهەق بە تاکەکانیتر دەکات و بەکاریان دەهێنێ بۆئەوەی لەزەت ببینی هەروەک یارییەک؛ ئەگەر ئەوە بیچوێنی بەسەردەمی ئێستامان، "جلی سەربازی و تفەنگی بەدەستەوە" نییە، بەڵکو بڕێکی زۆر سامان و هەندێکجار ڤیدیۆی نەشیاو لەسەر تاکەکە لەبەردەستیەتی بۆئەوەی وەکو کاڵایەکی ژێر دەستی هەروەکو سەربازە ئەڵمانەکە چی بووێت جێبەجێی بکات.

**بەشی سێیەم: بەهێزکردنی ئافرەت**

بە بنیاتنانی بابەتەکانی پێشوو، ئەم بەشە ورد دەبێتەوە لە دەستێوەردانەکانی تایبەت کە بۆ بەهێزکردنی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان داڕێژراون. گرنگی داکۆکیکردن، ڕاوێژکاری، بەشداریکردنی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی سیاسەت لە پەروەردەکردنی ژینگەیەکدا کە مرۆڤایەتی ئافرەت بپارێزێت. داکۆکیکردن لە یەکسانی جێندەری لەلایەن توێژەران، پرۆسەیەکی دینامیکی و فرەلایەنەیە کە هاوکاری لە ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و نیشتمانیدا لەخۆدەگرێت. چالاکوانان "توێژەران" بە پەیوەندی چالاکانە لەگەڵ پێکهاتەکان، ڕێکخراوەکان، و داڕێژەرانی سیاسەت، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە کاریگەریکردن لەسەر سیاسەتەکان و تەحەداکردنی پراکتیزە جیاکارییەکان، بەشداری دەکەن لە پێشخستنی مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان. ئەم کارە داکۆکیکردنە پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە ڕێبازێکی فراوانتری کاری کۆمەڵایەتی کە ئامانجی بەهێزکردنی ئافرەتان و پاراستنی مرۆڤایەتییە.

(ئێریک فرۆم) وا دەڕوانێتە کەسایەتی کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان و کولتوورییەکان بە درێژایی مێژوو کاریگەرییان لەسەر تاک هەیە و هەبووە. پێی وایە مرۆڤ خۆی سروشتی خۆی دروست دەکات بۆیە دەبێت پشکنینێک بۆ مێژوویی مرۆیی بکرێت بۆئەوەی لەو دروستکردنە تێبگەین، مەبەستیشی ئەوەیە خەڵک بەئاسانی ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە و ئەو هێزانە بەئاسانی ناگۆڕن و داناڕێژن، بەڵکو ئێمە خۆمان ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە دەگۆڕین و دایان دەڕێژین، کە لە دواییدا هەمان ئەو هێزانە کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی دەبێت (مستەفا، ٢٠٢٣، ل١٨٣ و ١٨٤). هەربۆیە ئەگەر بمانەوێت بەهێزبین و سەرکەوتووبین، پێویستە لەسەرەتادا کەسایەتی خۆمان بناسین؛ بۆئەوەی لەخۆمان بگەین و بناسین، پێویستە ئازادبین لە جیهانی دەرەوە، ڕابردوو و بیرکردنەوەکانمان، چونکە تاوەکو سەرەنجی خۆمان نەدەین (بێ کۆمێنت بین لە خۆمان) ئەوکات بێ هەڵبژاردە دەبین، بۆئەوەی بێ هەڵبژاردە نەبین پێویستمان بە ووزەیە چونکە مێشکی مرۆڤ بە ووزە کاردەکات نەوەک بە خواردن، ئەگەر مێشکمان پڕببێ لەگەڵ ئەو ووزەیە ئەوکات داهێنان دەست پێدەکات؛ لەبەرئەوەشە ئەگەر بمانەوێ لە شتێک سەرکەوتوو بین دەبێ (ترس، دڵەڕاوکێ، پێشوەختە زانینەکانی ڕابردوو،...) نەبی، ئەگەر ئەو حاڵەتە بۆ مێشکمان بە زیندوویی بهێڵینەوە ئەوکات بەڕاستی دەزانی و دەژی، ئەوکات مرۆڤەکە هەوڵ نادات خۆی بە بەهێز نیشان بدات، بەڵکو خۆی بەهێزە و کاری پێدەکات و مومارەسەی دەکات.

ئازادیبوون نابەخشرێت بەڵکو بەدەستدەهێنرێت، لەبەرئەوەی ئەرکی سەرەکیی کولتوور، بریتییە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی؛ کەواتە بەرپرسە لە جۆری کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگا؛. کولتوور و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیتری سستەمی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەیەکی درێژ و ئاڵۆزی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا جۆری پێویستی کەسایەتیی تاکەکان دادەرێژن- ئەوە کولتوورە فێرمان دەکات چ جۆرە (ئافرەتێک، پیاوێک، منداڵێک، دایکێک، باوکێک، ....) بین، ئەوەش بەمەبەستی پاراستنی سستەمە کۆمەڵایەتییەکە (Miran, Novakova, & Ahmed, 2021). بۆنموونە، بەپێی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگای کوردی، یەکێک لە ماناکانی باوکبوون بریتییە لە سزادانی منداڵەکانی لەرێگەی لێدانەوە؛ کولتوور دەتوانێت ببێت بە چوارچێوەیەکی شەرعیەتبەخش بەو ئەکتەرانەی کە بەدوای ئاساییکردنەوەی زەبروزەنگەکانی ژیانی رۆژانەیاندا دەگەرێن. کولتوور دەتوانێت وایان لێبکات کە رشتنی خوێنی مرۆڤ و خواردنی پەرداخێک ئاو وەک یەک یەک تەماشا بکەن، کوشتنی ئافرەتێک بەبێ هیچ هۆکارێک و راوکردنی کەروێشکێک وەک یەک بن، بەستنەوەی منداڵێک بە عامودەوە ولێدانی تا بێهۆش دەکەوێ و لەتکردنی سێوەک لەیەک جیا نەکەنەوە. زبروزەنگ دەبێت بە جۆرێکی تایبەت لە تێگەیشتنی ئەخلاقی بە جیهانی دەوروبەر، بەو مانایەی کە چەوساندنەوە، ئازاردان و تەنانەت لەناوبردنی ئەویتر دەبێت بە فەرمانێکی ئەخلاقی و دەبێت جێ بەجێبکرێت لە هەر دەرفەتێکدا (باخەوان، ٢٠١٥).

ئەوەی لە کولتووری ئێمە دەگوزەرێ بەناوی داکۆکیکردن و بەهێزبوون، زۆرجار تێکەڵەیەک دەکرێت، ئەگەر ئاورێک لە رابردوو بدەینەوە دەبینین یاسای زۆرباش و بەرچاو دەرچووە کە بە شێوەیەکی گشتگیر: هەمووجۆرە توندوتیژییەک لە دژی ئافرەتان قەدەغە دەکات و فرەژنی زیاتر سنووردار دەکات، ئەمەش دەگرێتەوە بۆ چالاکی رێکخراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان لە پۆستە کاریگەرەکاندا خۆراگریی خۆیان بەکاردەهێنن و جەخت لەسەر بابەتی خۆیان دەکەنەوە لەناو و سەربەخۆ لە ناسینەوەی بەکۆمەڵ- کە لەرابردوودا بەشێوەیەکی نەریتی بووە؛ هەرچەندن ئەو ئافرەتانەی کە دەستیان بە خوێندن گەیشتوە، وەک پارێزەر، رۆژنامەنووس، ئاکادیمیکەکان، پزیشکان، سەرکردەکانی رێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵەکان، زیاتر سەربەخۆیی خۆیان دەردەخەن. لە پلەی یەکەمدا ئافرەتان خۆیان ئەو تەوەر و پرۆژانەیان دیاری کردووە کە بە گرنگی دەزانن (Joly & Bakawan, 2016). هەرخۆیان سەلماندیان کە توانای زاڵبوون بەسەر هۆکارە دابەشکەرەکاندا هەیە بۆ ئەوەی لە دەوری کۆمەڵێک پرس کۆببنەوە، فەزای هاوبەشیان دۆزیوەتەوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدیعاکانیان لە سەرانسەری ئایدۆلۆژیاکان کردەوەیان ئەنجامداوە بۆ بەدەستهێنانی زەمینە لە رای گشتی و لە گۆرەپانی یاساییدا؛ بەڵام زۆرجار وادەردەخرێت کە شوێنی پیاو بگرنەوە، یاخود لە گۆرەپانی پیاواندا کاربکەن وەکو پیاو خۆیان دەردەخەن تا دەگاتە ئەو رادەی ئەگەر ئافرەتێکی بوێر و چاونەترس بێ: دەڵێن "ئافرەتێکی پیاوانەیە، پیاوانە کارەکەی ئەنجامداوە،..." راستەوخۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی نەریتی بیریلێدەکەینەوە ئافرەت خۆی لەخۆیدا "سۆبجێکت"ە پێویستە رێنمایی بکرێت لەلایەن کەسێکەوە کە ئەویش رەگەزێکیترە کە پیاوە "ئۆبجێکت"ە.

کاریگەری ئافرەتان لە میدیا و لە بواری یاساییدا شایەدی ئیرادەی ئەوانن، ئافرەتان لە گۆرەپانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا خەبات دەکەن بۆ ئەوەی جێگەی خۆیان بگرن. جگە لەوەش بێ گومان مانای کارەکەیان دەکاتە بەشێک لە شەری دیموکراتیزەکردن و بۆ پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا (Joly & Bakawan, 2016)، هەرچەندە بوونی بەربەست لەبەردەم دەستپێشخەرییەکانی چالاکوانانی ئافرەتان کە دەبێتە قورسایی بۆ پرۆژەکەیان، لەبەرامبەریشدا هەرەشەکانی کە تووشی دەبن لە دامەزراوە تەقلیدییەکان.

**بەشی چوارەم: هۆکار و چارەسەری بەکاڵابوون**

ئەگەر چەمکی مرۆڤ، نۆرماتیڤی بێت واتە چەمکێک بێت پێوانەیی و ناوەرۆکێکی پۆزەتیڤی هەبێت، ئەوا چەمکی کەرامەت مانای بەرگریکردن لەو مانا پۆزەتیڤەی مرۆڤ و سەلماندنی ئەو مانا پێوانەییەی مرۆڤبوون؛ ئەو مانا پێوانەیی و پۆزەتیڤەش

لەزمانی ڕۆژانەدا کاتێک دەردەکەوێت کە مرۆڤ لەلایەن کەسێکەوە یان لایەنێکەوە پەلامار بدرێت و سووکایەتی پێ بکرێت، یاخود ئازار بدرێت و بچەوسێنرێتەوە، ئەوکات گوێمان لە کاردانەوەی لەم بابەتە دەبێت: (نابێت مرۆڤ بەو جۆرە مامەڵە بکرێت. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە قابیلی مرۆڤ نین. ...) لە پشتی بەکارهێنانی چەمکی مرۆڤ لەو دۆخانەدا، وێناکردن و مانابەخشینێک بە مرۆڤ لە ئارادایە، کە لەسەر ڕێزگرتن و نرخاندنی پۆزەتیڤی مرۆڤبوون بەندە؛ مرۆڤبوون خۆشی وەک بەهایەکی ئەبستراکت دەبینرێت و نابەسترێتەوە بە ئەندامبوون لەم یان لەو چین و توێژ و گرووپی کۆمەڵایەتیدا. چەمکی کەرامەت، چەمکی بەرگریکردن و سەلماندنی ئەو ڕووە پۆزەتیڤەی مرۆڤ و مرۆڤبوونە. "کانت" کەرامەت و نرخ لەبەرامبەر یەکتریدا ڕادەگرێت و دەڵێت: "لەدونیای حەز و ئارەزوو و هیواکاندا شتەکان یان ئەوەتا نرخیان هەیە، یاخود کەرامەتیان هەیە". هەرکاتێک گوتمان ئەو شتە نرخێکی تایبەتی هەیە، هەربۆیە دەکرێت بەچەندان شتیتر بگۆڕدرێتەوە کە هەمان نرخیان هەبێت، (واتە بەرامبەر بە نرخ، نرخ هەیە) (قانع، ٢٠١٨، لا١٩٦ و ٢٠٣)، زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت لەنێوان دوو سیاسەتمەدار یاخود دوو بزنزمان، یان دوو کەس کە دەڵێت تا ئێستا فلان (ڕۆشنبیر، ڕاگەیاندنکار، سکرتێر ...) نەتهاوێشتە ژێر ڕکێفی خۆت؟ لە وەڵامدا دەڵێن: (تا ئێستا نرخی خۆیمان پێنەداوە)، لێرەدا بۆت بەدەردەکەوێ کەوەکو "کاڵا" مامەڵەیان پێوەدەکرێت، بەشێکیان هەرزان فرۆش دەکرێت و بەشێکیان تۆزێک گرانتر، کەچی لەکۆتاییدا بە "کاڵا" بوونە و نرخێک بەرامبەریان هەیە. لەبەرامبەریشدا، هەرکاتێک باسی ئەوەمان کرد فلان کەس کەرامەتی هەیە، ئەوە مانای ئەوەیە لەسەرووی هەموو نرخێکەوەیە، بۆیە ناکرێت دەستنیشانی هیچ نرخێکی بۆبکەی، چونکە هیچ شتێک ناتوانێت نرخی کەرامەت دیاری بکات؛ بۆیە لای "کانت" لەبەرامبەر کەرامەتدا نرخ نییە، بەڵکو "مرۆڤبوون"ی مرۆڤ هەیە وەک خاوەنی عەقڵ و بیرکردنەوە بوونی هەیە (قانع، ٢٠١٨، لا ٢٠٣). لەبەرئەوەش دەکرێ ئەو خاڵانەی خوارەوە بەهۆکار بزانین بە بوونی مرۆڤ بە "کاڵا":

1 - نەگەیشتنی مرۆڤایەتی بە کۆمەڵگایەک کە تیایدا مرۆڤ سەردار و سالار بێت، نەک یەکێک لە ڕەگەزەکان خاوەن سەروەری بێت (سەرپاچ، ٢٠٠٨، لا٣٥)، بە سالار بوونی لایەنێک (ڕەگەز، خاوەنکار، خێزانی، عەشیرەتی و خێلگەرایی) ئەوە دەبێتە دەرفەتێک لایەنەکەی تر وەکو مرۆڤ نەبینی بەڵکو وەکو کاڵایەک سەیردەکرێ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری سەبارەت بە بوونیەتی خۆی وەک کائینێکی مرۆیی، خۆی خاوەنداریەتی خۆیەتی (کە خاوەن کەرامەت)ە، کەس ئەو مافەی نییە ئەوەی لێببات و بەکاڵایان بکات.

2 - پیاوسالاری، پیاو لە کۆمەڵگای کوردیدا مرۆڤێکی ئیدیاڵە، هەڵگری هەموو جۆرە سیفەتێکی باش و جوانە- هەموو کردەوەیەکی چاك بە پیاوەتی لەقەڵەم دەدرێ، تەنانەت ئەگەر خاوەنی کردارەکە ئافرەتیش بێت- ئەوەش وەکو دیارە ئەوپەڕی بەرجەستەبوونی یاساکانی پیاوسالارییە لە کۆمەڵگای کوردیدا. بەهای پیاوەتی بایەخێکی هەرە باڵای هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواریدا (Miran, Nováková, & Ahmed, 2021) ، ئەگەر ئافرەتێکی لێهاتوو و خاوەن سکێل ببینرێت ... تا ئەو ڕادەی لەناو ئافرەتان لە نێوان خۆیان دەڵێن (ئافرەتێکی پیاوانەیە،...)، لە بەرامبەریشدا ڕەگەزی مێ تا ئەوپەڕی نەك هەر پەراوێز خراوە، بگرە ئافرەت بووە بە ئامرازی تانە و توانجگرتن لەلایەن پیاوانەوە... جێگەی سەرنجە کە ئەمە چونکە بووە بە بەها و بووە بە بەشێك لە سیستەم، دەبینین ئافرەتانیش پەیرەوی دەکەن و ئێستاش گەلێ جاران بە توانجەوە سیفەتی ''ژنانە'' دەدەنە پاڵ کوڕ و برا و پیاوەکانیان، ئەگەر بێتو نێرینەکی عاتفی و چاو بەگریان بی...

3 - ژینگەی خانەوادە، وا فێرکراوین کەسانی دیکە (باوک، براکان، خاوەنکار، ....) بڕیار دەدەن چیی بکەین و چی نەکەین، هەر لەبەرئەوەشە ناتوانین بڕیار بدەین خۆمان بین. ئەوەش مێژوویەکی درێژی هەیە، هەر لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە و

جیاکردنەوەی ڕەنگی ڕەگەزی، لە قوتابخانە و دواتر لەکاتی هاوسەرگیری کە لەسەرەتادا دەبێ خانەوادەکەی پەسندی بکات و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی خانەوادەکان بێت و ئینجا دەتوانێ ڕەزامەند بی بۆ هاوسەرگیرییەکە....

4 - هەستکردن بەکەمی، گەورەیی بە (تەمەن، پۆست، ڕەگەزی...) گوزارشت لە ئەزموون و مەعریفە دەکات؛ هەرچەندی مرۆڤ گەورەتر بێت ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتیی زێتر دەبێت. مرۆڤی بچووك، دەبێ هەمیشە گوێڕایەڵی لەخۆ گەورەتر بن- قسە لە قسەی لەخۆگەورەتر ناکرێ؛ نە هەر ئەوە، بەڵکو لە مەجلیسی گەوران بچووك هەر بۆی نییە قسەبکات یان بەکەیفی خۆیی دابنیشێت یان... - لێرەدا زیرەکی، خوێندەواری و بڕوانامە بایەخێکی ئەوتۆی نییە ...

5 - ناچارکردن، ناچارکردنی ئافرەتان لە شوێنی کارکردن (ئەو ڕوخسار و لەشولارەی کە خاوەن کارەکە مەبەستیەتی) ئەویش بە دانانی ڕێنمایی لە شێوازی هەڵسوکەوتکردن و ناز و فیز لەکاتی ڕۆیشتن و شێوازی جل لەبەرکردن،... کە بۆ مەبەستی ڕێکلامکردن بەکاریان دەهێنن یاخود وەکو شۆیەک لە پێشوازی میوانان و خاوەن کارەکان بەکاریان دەهێنن...

6 - هاوسەرگیری، بەشێک لە شێوازەکانی هاوسەرگیری وەکو کاڵا دەبینرێن، ئەوانیش بریتیین لە: (ژن بە ژنی، گەورە بە بچوک، بەرامبەر بە خوێن، بەرامبەر بە پارە، بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی سیاسی، بەرامبەر بە نازناوی ....).

لە کۆیی ئەوانە و چەندان خاڵی تر، دەتوانین ڕێگە بەخۆمان بدەین بڵێین سروشتی بەکاڵابوون هەریەک لە کاڵا و خاوەنداریەتی دوو هۆکاری یاریدەدەری یەکن بۆ سەرهەڵدانی بەکاڵابوون.

چارەسەرکردنی بە"کاڵا" بوون، مرۆڤ بوونەوەرێکە دەتوانێت ئەو سنوورانە بشکێنێت، کە دادەنرێت لەلایەن سیستەمەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت کۆمەڵایەتی بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوە و قسەکردن کە جیاکەرەوەی مرۆڤە لە شتێکیتر کە لە مرۆڤبوون ناچێت، لە هەوڵی ئەوەدان کە تاکی کۆمەڵگا تاک ڕەهەند بێ (کە توانای تاراندن و نەفیکردنی دۆخی باڵادەستی تێدا نەمابێت) لەوەش خراپتر کە بەکاڵا دەکرێن دەبنە پارێزەری ئەو سیستەمە کە بۆیان دانراوە. لە سیستەمی دەروونی هەرتاکێک هێزێک هەیە کە دەیەوێت بمانگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی گوێڕاگر و دەستەمۆ، ئەو سیستەمە لای "فرۆید" ناوی (سوپەر ئیگۆ)یە و لای "لاکان" ناوی (نەهیکردنی باوکانە)یە، لە دونیای هاوچەرخدا ئەو هێزە دەروونییە ئیشی دەبێتە گونجاندنی تاک لەگەڵ سیستەم، لەگەڵ ئەوەشدا فێریان دەکات چۆن پەیوەندیی خۆیان و سیستەم ئاسایی و بێکێشە ببینن، لە هەوڵی ئەوەشدا دەبێت چۆن لە خۆگونجاندنەوە بگوازێتەوە بۆ فەلسەفەی قبوڵکردنی شتەکان وەک ئەوەی هەیە کە بۆ مەبەستێکی کۆمەڵایەتی- ئابووری داڕێژراوە (عەلی، ٢٠٢٠، لا٢٠٣). بۆ چارەسەرکردنی بە کاڵابوون، سەرەڕای بە بەرەنگاربوونەوە و کاڵکردنی هۆکارەکانی بەکاڵابوون کە لەسەرەوە خستمانە ڕوو، بە زیادکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێتە پاڵپشتیکردنی تاک بۆئەوەی وەکو مرۆڤ سەیربکرێت:

1 - هەستکردنی تاک بەوەی کە وەکو "کاڵا" بەکاردەهێنرێت "بەئاگا هاتنەوەی لەو خەونەی کە تێیدا بوو"، کاریگەرترین کاتە لەکاتی درککردنی بەوەی وەکو کاڵا بەکاردەهێنرێت، ئیدی هەوڵی ئەوەدات لە "کاڵا" بوون بکەوێت ساتی هەستانەوەی مرۆڤبوونیەتی.

2 - نەهێشتن و نەمانی ترس، زۆرجار ئەوان لێدەپرسن ئەگەر ترس نەبێ ناتوانین کار بکەین! ترس نەبێ ناتوانین بەدوای خەیالەکانمان بکەوین! ترس نەبێ تەمبەڵ دەبین! ... چەندان بیانویتر، بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە بەناوی (کارکردن، خەیاڵ، تەمبەڵی، ...) ترس بۆ خۆمان دەیهێنین ئەوە هۆکاری ئەوەیە خۆمان ناناسین، بەڵکو ترسمان لەوەیە ناوبانگمان نەمێنێ، بێ کار بین، ... ئەگەر بەو شێوەیە کە خاوەن کارەکە دەیەوێ کارنەکەم ئیتر ناتوانم پێداویستەکانی ڕۆژانەم دابین بکەم،

ئەگەر بەو شێوەیەی کە فۆلۆوەرکانم دەیانەوێ خۆم نیشان نەدەم ئیدی ناوبانگ و فۆلەوەرم کەم دەبێ .... ئەو شێوەیە بیرکردنەوە بۆ هەموو کەناڵەکان ڕاستن، بۆیە ترسمان هەیە.

**لە ئەنجامدا دەڵێین:**

مەبەست لەو ناونیشانە ئەوە بووە کە نیشان بدرێت بە "کاڵابوون" کۆمەڵێک ئەنجام کێشەدارانەی هەیە؛ ئەوەی کە "کاڵا" کان نرخێکیان پێدەدرێت و دەبێ بەکارهێنەران ئەو نرخە بیدەن کاتێک دەیانەوێت خاوەنیان بن یان بەکاریان بهێنن، بەو مانایەی ئەوەی تایبەتمەندی "کاڵابوون"ی تێدانییە و ئەوانەی پارەی پێویستیان نییە بۆ کڕینی ئەو کاڵایە بەدەر دەکرێن.

بەهای مرۆڤبوون، پڕۆسەیەکی مێژوویی- کۆمەڵایەتیی درێژخایەنی هەیە لەناو کۆمەڵبوونە مرۆییەکان، لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕادەوستێ لەسەر چۆنییەتی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگا و دەسەڵات. هەرچەندە وادەبینرێ هەڵومەرجی بابەتی ڕێگرە لەبەردەم ئەنجامگیری پرۆسەکە بەهۆی بوونی دیاردەی نەرێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵام ئەو پرۆسەیە لەبەرەپێشچووندایە بۆ داکۆکیکردن. هەربۆیە مرۆڤبوون یان مرۆڤاندن, واتە هوشیاربوونەوە وبە ئاگاهاتنەوە، سەبارەت بە پرسیارکردن لە هۆی بوون لەم جیهانە و دووبارە بونیادنانەوەی زات، لەسەر بنەمای هوشیاربوونەوە و هەنگاونان بەرەو مرۆڤاندنی چییەتی خۆی، بە مەعریفەیکی ئەزموونی و کاراکردنی سۆز و قبوڵکردنی بیرو ڕەنگی جیاواز, هەستکردن بە بەرپرسیارێتی.

بەکاڵابوونی ئافرەت لە کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری کولتووری باوی پێوە دیارە، بەتایبەتی کولتووری "پیاوسالاری"ی کە خاوەن تێڕوانینێکی نەریتییە بۆ ئافرەت کە بە پلەی دووەم و زۆرجار سێیەم سەیر دەکرێت لە ڕووی مرۆڤبوونیەوە کە نزمتر لە پلەکانی پیاوانن و تاڕادەیەک دوای منداڵانیش دێت.

بەکاڵابوون چەندین ئاکامی نەرێنی هەیە لەسەر خودی تاک و کۆمەڵگا، ئەو بەکاڵابوونە دەبێتە هۆی زاڵبوونی بەسەر بەها مرۆڤایەتییەکان کە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ و بەشداریکردنی ئافرەتانە لە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری... لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

"کاڵابوون" بانگەشتی دەستکاریکردن دەکات (لەلای خۆمان بەو شێوەیە باوە، جوانکاری بۆ: سمت، سینگ...)، ئەوەش کاریگەرێکی گەورەی لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە وابەستەی کاڵا دیاریکراوەکانن، پێکەوە (کاڵا، خاوەنداریەتی) وەدەرنانی ئەوانەی ناتوانن نرخی بدەن و ئەوانەی سەر بە گرووپە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانن، هەروەها بەرزبوونەوەی نرخەکان و گۆڕانی نرخ بەپێی کوالێتی. لە هەمووی گرنگتر کاڵاساز زیاتر مەیلی بەرهەمهێنانی کاڵاسازی زیاتری هەیە، بەو پێیەی پرۆسەکانی کاڵاکردن یەکتر بەهێز دەکەن، لە کۆتاییدا کۆمەڵگاکان زیاتر پشت بە کاڵا و کاڵاکراوەکان دەبەستن، لەبەرئەوەی بەکاڵابوون پرۆسەیەکی هەمیشە فراوانترە لەبەرئەوەی براوە و دۆڕاو بەرهەم دەهێنێت، براوەکان بەشێوەیەکی سەرسەختانە ئەوانەن کە پارەیەکی زۆریان هەیە.

**پێشنیار و ڕاسپاردە:**

توێژینەوە لەسەر بەهێزکردنی مرۆڤگەرایی لە هەرێمی کوردستان لە چاویلکەی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییەوە دەرفەتێکی بە نرخ دەرەخسێنێت بۆ قووڵ بوونەوە و تێگەیشتنمان لە دینامیکی جێندەری و نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی پراکتیزە

کولتوورییەکان لەسەر ژیانی ئافرەتان. ئەم پێشنیار و ڕاسپاردانەی خوارەوە بۆ ڕێنماییکردنی کارنامەیەکی توێژینەوەی گشتگیر و هەستیار لە ڕووی کولتوورییەوە داڕێژراون:

1 - دروستکردنی هاوبەشی ستراتیژی، ئەویش لە ڕێگای بەهێزکردنی هاوکارییەکانی نێوان توێژەرانی (ئەنترپۆلۆژی، سۆشیال وۆرککەر، دەروونی، کۆمەڵایەتی) ، ڕێکخراوە ناوخۆییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەزگاکانی حکومەت بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ "ئافرەتان". هەوڵبدرێت بە ئەنجامدانی کاری مەیدانی ئێتنۆگرافی درێژخایەن کە ڕێگە بدات بە نوقمبوونی قووڵ لە ژیان و ئەزموونی ڕۆژانەی ئافرەتانی کورددا. ئەم ڕێبازە ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتنێکی نوانس لە زەمینە کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکان کە بەهێزکردن و دەزگای ئافرەتان لە قاڵب دەدەن.

2 - سوودوەرگرتن لە میدیاکان، بە بەکارهێنانی هەردوو پلاتفۆرمی تەقلیدی و مۆدێرن و سۆشیال میدیا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە پرسەکانی یەکسانی جێندەری و گرنگی دەستێوەردانەکانی توێژەران.

3 - باشترکردن و زیادکردنی ڕاوێژکاری و پشتگیری تەندروستی دەروونی، یەکخستنی پەروەردەی تەندروستی دەروونی، جێگیرکردنی هۆشیاری تەندروستی دەروونی لە بەرنامەکانی بەشداریکردنی کۆمەڵگادا بۆ کەمکردنەوەی چەواشەکاری و هاندانی ئافرەتان بۆ داوای پشتگیری. کارکردن لەسەر فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی، زیادکردنی بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری هەستیاری کولتووری بۆ ئافرەتان، لەوانەش ئەوانەی لە ناوچە دوورەکان یان ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ململانێدان.

لەبەرئەوەی ئەوە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی کاری کۆمەڵایەتییە، لە کۆتاییدا وا ڕاسپاردە دەکەین، بۆ بەهێزکردنی تاکی کۆمەڵگا بەگشتی و "ئافرەتان" بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی بە ڕێبازێکی فرەلایەنە هەیە کە بریتییە لە بەرزکردنەوەی هەوڵەکانی داکۆکیکردن، باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە ڕاوێژکاری و پشتیوانی تەندروستی دەروونی، بەهێزکردنی بەشداریکردنی کۆمەڵگا، پێشخستنی پەرەپێدانی سیاسەت، بنیاتنانی توانای توێژەرانی (ئەنترۆپۆلۆژی، کاری کۆمەڵایەتی، دەروونی کۆمەڵایەتی)، پابەندبوون بە توێژینەوە بەردەوامەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری. ئەم پێشنیارانەش ئامانجیان دابینکردنی نەخشەڕێگایەکی گشتگیرە بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی، داڕێژەرانی سیاسەت و سەرکردەکانی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر چارەسەری ئەو ئاستەنگانە بکەن کە ڕووبەڕووی تاکی کۆمەڵگا دەبنەوە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانین کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەتر بەرەوپێش ببەن.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**


1. بەختیار عەلی. (٢٠٢٠). دوا خەندەی دیکتاتۆر. سلێمانی: ناوەندی ڕەهەند.
2. بەختیار عەلی. (٢٠٢١). جوانییەکانی نارێکی. سلێمانی: ناوەندی ڕەهەند.
3. بەختیار عەلی. (٢٠٢٢). منداڵەکانی ساتۆرن. سلێمانی : ناوەندی ڕەهەند.
4. پاولۆ فرێری. (٢٠١٥). پێداگۆگیی ستەملێکراوان. وەرگێڕانی: جیهاد محەمەد، سلێمانی: سەردەم.
5. خەندان محمەد جەزا سەرپاچ. (٢٠٠٨). ئۆقیانووسێک لە تاوان، چاپی پێنجەم. سلێمانی: ئەندێشە.
6. رەشاد میران. (٢٠٠٩). ئێتنۆگرافیا و یەکێتیی ئێتنیکیی کورد. هەولێر : دەزگای ئاراس.
7. شێرزاد حەسەن. (٢٠١٥). دەرۆزەکەرەکانی سەربەستی. تاران: ناوەندی عەزەلنووس.
8. عادل باخەوان. (٢٠١٥). سۆسیۆلۆژیای زەبروزەنگ. ناوەندی غەزەلنووس.
9. عەلی شەریعەتی. (٢٠١٤). مرۆڤ (چاپی سێیەم). سلێمانی: سایە.
10. کۆمەڵێ نووسەر. (٢٠٠٦). شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩. (وەرگێڕانی: هەرامان وریا قانع) سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.
11. کەریم مستەفا. (٢٠٠٦). ٧ وانەی فەلسەفە. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.
12. کەریم مستەفا. (٢٠٢١). لێکسیکۆنی هزر و فەلسەفە. سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
13. محەمەد کەمال. (٢٠١٩). ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ. سلێمانی: ناوەندی ڕەهەند.
14. مەریوان وریا قانع. (٢٠١٨). مرۆڤ و کەرامەت (چاپی دووەم). سلێمانی: ئەندێشە.
15. هێردن ابراهیم احمد. (٢٠٢٢). ڕۆڵ و کاریگەری بەها کولتوورییەکان لەسەر پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی: توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە هەرێمی کوردستان. هەولێر: تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
16. یوسف حەمەساڵح مستەفا. (٢٠٢٣). کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ (چاپی سێیەم). مێخەک/ تاران.


**دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**


1. اندری لالاند. (١٩٩٦). موسوعة لالاند الفلسفيه. (خليل احمد خليل، المترجمون) بيروت: منشورات عويدات.
2. محمد اركون. (٢٠٠٦). نزعة الأنسة فی الفكر العربی جيل مسكويه و التوحيدی (المجلد ط٢). (هاشم صالح، المترجمون) بيروت: دار ساقی.
3. مصطفی كحيل. (٢٠١٩). تحول مفهوم الانسان فی فلسفه الحداثة وما بعد الحداثة من مأزق انسان التألية الی مأزق انسان التشوية. اسلامية المعرفة، ٢٤ العدد ٩٥.
4. هاشم صالح. (٢٠٠٥). مدخل الی التنوير الاروبی. بيروت: دار الطليعة للطباعة و النشر.


**سێیەم: سەرچاوەکان بەزمانی فارسی**


1. تونی دیویس. (١٣٧٨). اومانیسم. (عباس مخبر، المترجمون) تهران: مرکز.
2. کالین براون. (١٣٧٥). فلسفه و ایمان مسیحی. (کاکەووس میکائیلیان، المترجمون) تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

**چوارەم: سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی**

1. Danièle Joly و ،Adel Bakawan .(2016) .Women in Kurdistan-Iraq: issues, obstacles and enablers *.The International Journal of Human Rights* . doi:doi/full/10.1080/13642987.2016.1192535
2. Hermann, C. (2021). *The critique of commodification : contours of a post-capitalist society.* New York: Oxford University Press.
3. Rashad Miran ،Katarina Slobodova Novakova & Herdn Ibrahim Ahmed. (2021). Culture and values in Kurdish society in the Kurdistan Region of Iraq. *Jornal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences, 68*.
4. Rashad Miran ،Katarína Slobodová Nováková و ،Herdn Ibrahim Ahmed .(2021) .Kurdish Human Personalities and Values in The Kurdistan Region of Iraq *.Research World International Conference, Oslo, Norway*.77 -73 ،

**المرأة بين التسليع والإنسنة**

**وهي دراسة فلسفية وأنثروبولوجية في إقليم كوردستان**

**ملخص**

يركز هذا البحث على التقاطع بين النوع الاجتماعي والرأسمالية والأعراف الاجتماعية، ويستهدف الطرق المعقدة التي تتفاوض بها النساء بشأن أدوارهن وهوياتهن؛ يعد تحويل أجساد النساء وعملهن إلى سلعة موضوعًا رئيسًا، مع التركيز على كيفية مساهمة التوقعات المجتمعية، والتمثيلات الإعلامية، والهياكل الاقتصادية في تجسيد المرأة وتقديرها. تلعب الهياكل الرأسمالية دورًا رئيسًا في تشكيل حياتهم، وتؤثر على قضايا مثل: الفوارق في الأجور، والفرص الاقتصادية المحدودة، والطبيعة غير المستقرة لبعض فرص العمل. تتبنى الدراسة عدسة متعددة الجوانب، تعترف بعلاقات النوع الاجتماعي مع النوع الاجتماعي والطبقة والعرق والتوجه الجنسي، لتوفير فهم دقيق للتحديات المختلفة التي تواجهها المرأة عبر سياقات اجتماعية مختلفة. تبحث الدراسة أيضًا في كيفية تنقل النساء وتحديهن للتسليع عن طريق النشاط الإنساني والنسائي، والدعوة إلى تغييرات في السياسات وإعادة تشكيل الروايات الاجتماعية.

تتعمق هذه الورقة في الديناميكيات المعقدة التي تشكل حياة المرأة في إقليم كردستان، مع إيلاء اهتمام خاص للتوازن الدقيق بين التسليع والحفاظ على إنسانيتها. عَبر عدسة متأصلة في الفلسفة والأنثروبولوجيا، تهدف هذه الورقة إلى تسليط الضوء على التحديات المتعددة الأوجه التي تواجهها المرأة، والتحقيق في دور العمل الاجتماعي في تمكين التعليم، والقدرة على الصمود، واستعادة الكرامة الإنسانية.

الكلمات المفتاحية: المرأة، الإنسانية، التسليع، الديناميكيات الاجتماعية.

sjh@univsul.edu.iq

**Women between commodification and humanity**
**It is a philosophical and anthropological study in the Kurdistan Region**

**Abstract**

This study's concern is egalitarian approaches rather than viewing them through the lens of gender, capitalism and social norms, its aim is the complex ways in which women negotiate their roles and identities; The commodification of women's bodies and work is a major subject, with an emphasis on how the expectations of society ،media representations and economic structures contribute to the objectivity and value of women. Capitalist structures play a key role in shaping their lives; they have an impact on issues such as salary differences, limited economic opportunities, and the nature of instability in some employment.

The study explores the root of this subject, recognizing the relationship between gender and gender, layers of society, nation, and sexual orientation, to provide a nuanced understanding of the various challenges faced by women across different social frameworks. The study also examines how women manage to advocate for policy changes and reshape social narratives through humanist and feminist activism and challenge commodification.

This study delves into the complex dynamics that shape women's lives in the Kurdistan Region, with particular attention to the delicate balance between commodification and protecting their humanity.

Through a perspective of both philosophy and anthropology, this study aims to highlight multiple challenges that women face, investigate the role of social work in strengthening education, resilience, and restoring human dignity.

**Keywords**: Women, Humanity, Commodification, Social Dynamics